# فەلسەفە لە مەخموورەوە

دەرێن: **"** تۆرە بەتۆرە قازانجی زۆرە. **"** ئەمن دەرێم: **"** تۆرە بە لێبووردن قازانجی زۆرترە. **"**

ڕستەی یەکەم، پەندێکی کوردییە، ڕستەی دووەم گوتەی منداڵێکی تەمەن دە ساڵەی مەخموورییە.

ڕۆژی 2009/10/14 دوای نیوەڕۆ، دەستەی کۆمەک، چوونە سەردانی فێرگەی بازارگە (پڕۆژەی مامۆستا مەسعوود محەمەد) لە مەخموور. پڕۆژەکە لە سەرەتاوە بە سیستەمی کۆمەک کار دەکات، ئێستا منداڵەکان لە پۆلی پێنجەمن.
چونکە بڕیار درابوو، ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی دایکوباوکان، لەگەڵ دەستەی کۆمەکدا ساز بدرێت، منداڵەکان نەچووبوونەوە ماڵێ و دەیانویست بێنە کۆبوونەوەکەوە. دەیانگووت:
" گەر باسی ئێمە بکەن. دەبێت بزانین چ دەرێن ! "



منداڵانی پۆلی پێنجەم لە فێرگەی بازارگە، مەخموور

ئێمەش تا کاتی گردبوونەوەی دایکوباوان، کە سەعات 2 بوو، نزیکەی ماوەی سەعاتێک کاتمان هەبوو، بۆیە بە گفتوگۆ سەبارەت بە فێربوون و چالاکی گەشتەکانیان و وانەی فەلسەفە، بردمانە سەر ( بۆ زانیاری سەبارەت بە گەشتەکانیان و بینینی وێنەکان بڕوانە سایتی کۆمەک [www.komak.nu](http://www.komak.nu)

ژبەروەی، مانگی 2 ی ئەمساڵ چووبومە دیدەنییان، یەکسەر ناسیمیانەوە، دوای هەندی ئاخافتن، پرسیاری خۆشترین و ناخۆشترین ساتەکانیانم، لە مانگی 2 تا مانگی 10 لێکردن. هەریەکە و بابەتێکی باسکرد. یەکێکیان گووتی :
" *مامۆستا* کەریم: ناخۆشترین شتەک لۆ من، ئەوەی بوو کە (فڵان) ، ڕاستەوڕاست پێلەقەیەکی لەپشتم دا ! "
هاوکات دەستی بۆ بکەری ئەو کارەش درێژکرد.
ئەمنیش گووتم : `
"جا ئەوە کەنگێ ڕوویدا؟ "
ئەو گووتی : `
" *مامۆستا*، دوێکە ! "
ئەمنیش ڕوومکردە بکەرەکە و گووتم :
" فڵان، ئەتۆ کارێکی دزێووت کردووە، بەرام لۆ ئەو کارەت کرد؟ "

فڵان گووتی :
" ئاخر *مامۆستا*، ئەمن لۆخۆم لە ماریَ ڕا بە توورەیی هاتبوومە، مەکتەبیَ، ئەویش پارەکی پێوەنام، ئیدی هێندەی دیکە توورە بویم و پێلەقەکم لێدا ! "
گووتم:
" ئێستا ئێوە گشتتان بەشداربن، بزانینین ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر بکەین؟ "

هەریەکە و پێشنیارێکی دا، زۆرینەی هەرەزۆر ڕایان وابوو، کە بکەری ئەو کارە دەبێت داوای لێبووردن بکات و پەیمانیش بدات، کە جارێکی دیکە کاری وا نەکات، بەڵام یەکێک لە منداڵەکان پێشنیارێکی دیکەی هەبوو، گووتی:
" مامۆستا، دەبێت ئەو تۆرە لە فڵان بکاتەوە، چونکە لە مەخموور دەرێن (( تۆرە بەتۆرە، قازانجی زۆرە ! ))
گووتم :
" کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە ؟ "

کەس ڕای لێنەبوو، یەکێک دەستی هەڵبڕی و گووتی :
" *مامۆستا*، ئەمن دەرێم تۆرە بەلێبووردن قازانجی زۆرترە !
کە لێمپرسی دەتوانیت زیاتر پێشنیارەکەت ڕوون بکەیتەوە؟
گووتی:
"مامۆستا، کەس بە تۆرەسەندنەوە قازانج ناکات، هەنکی ئەو تۆرە لە فڵان بکاتەوە، فڵانش لە دوی تۆرە سەندنەوە دەگەڕێت و ئیدی کێهانیان قازانج دەکات؟ وەڵڵا هەردووکیان زەرەد دەکەن و ئێمەش لەگەر خۆیان مشەوەش دەکەن!

کەریم مستەفا

2009/11/1 ئۆسلۆ

Copyright © 2008 p4ckurd. All rights reserved.